# یادی تۆ و ئەنفال

**ڕوناک شوانی**



ئـاااااااااااااه چەند ئێوارە ساتێکی ئارامە ، ئەم سروشتە جوانەی لە باوەش گرتووە و نازی ئەدا. کە سواری شەمەندەفەرەکە بووم ، تاکە خۆزگەیەکم ئەوە بوو لە واگنێکی ئارامدا شوێنێکم بەرکەوێ ، تا لەم سەفەرە دوورودرێژە ، بۆ چەند ساتیک تەنها من و تۆو خەمەکانم باوەش بە ئاسوودەییدا بکەین . کە شوێنی خۆم گرت ، چاوم بە چەند سەردێرێکی ڕۆژنامەکەی بەردەستمدا خشاند ، نیگاکانم بە وردی خستە سە ر وشە کان و چەند هەواڵێکم خوێندەوە ، ناوی نیشتیمانی کوردان لێرەش وونە ، کەس ناو لە خاکی سووتاوم نابا . پێڵووەکانم لە سەر یەك نا تا کو پشوویەکی قول بدەم ... ئاخۆ یادەکانت دە هێڵن چاوێک گەرم کەم ؟؟؟؟ هەرچەندە لەم غوربەتە بێتۆییەدا ئازیز ژیانیش تامی مەرگ ئەدا ، بۆیە لە ناو یادەکانی تۆدا وون ئەبم ، من لە تۆدا بۆ ناخی وون بووم ئەگەڕێم ، هەر یادەکانن ئەو ئاسوودەییە بێ هاوتایەم پێ ئەبەخشن کە ژیانی روبۆتی و جەنجاڵ لێی ئەنفال کردووم..... ئەنفاااااااااااال ئەم ووشە نا حەزە چی بوو وەک مۆتەکە خۆی خزانە ناو شیرینترین یادەوەرییەکانمەوە!!!؟؟؟ ئەنفاااااااال چەند لە ئازیزانمی لەگەڵ خۆیدا پێچایەوە چ ماڵوێرانییەک بوو ، بە هەزاران جەرگی سووتان ، هەزارانی هەناسە سارد کرد ، چ کارەساتێ بوو ، مەگەر تەنها نەوەی ئیسلام و عروبە بزانن بە زاری کتێبە پیرۆزەکەیانەوە وەسفی ئەو رۆژی حەشرە بکەن . نازانم چۆن ویژدانی مرۆڤایەتی نەهەژاند ، لەو رۆژانەدا دنیا کەڕ و لاڵ بوو . ئێمەی وون بووی تاراوگەش نەوەی سەردەمی ئەنفال ناخمان وێرانە ، زامەکانمان مێژوویین و لەم سەهۆڵ بەندانەشدا نە سارێژ ئەبن و نە لە یادیش ئەکرێن . باوکم ئەیووت هەندێ جار لە بیرچوونەوە نیعمەتێکە وەک نان وایە بە ئاسانی بەدەست نایەت . نا خاڵە گیان چۆن بتوانم ئەو روخسارە پڕلەخەمەت لە یاد بکەم ئەو خەمەی تۆ لە شانت گرتبوو کێوی ئەهێنایە چۆک ، تۆ بەرگەی دیلی ناو شارت نەگرت بۆیە رووت کردە جافەران ... ئامینە نەشمیلانەکەت و پەپولەکانت لە ماڵێکی گڵینەی خنجیلانە و پڕ لە ئەڤیندا کۆکردەوە تۆ هەر زوو جێگەی خۆت لە ناو دڵی خەڵکی جافەران کردەوە ، خۆت و ئامین خۆشەویستی پێشمەرگەو خەڵک بوون . هەموو جارێ بەدڵخۆشییەوە ئەتووت ئێرە خۆشە یا ماڵەکەی کەرکووکم ؟ بەس نییە لێرە هەوای ئازادی هەڵ ئەمژین خۆخەریک بوو مناڵەکانم کوردیان لەبیر ئەچووەوە . تۆ سەربازی هەڵاتوو نەبووی تۆ ماڵ وکاریشت هەبوو ، بەڵام لە دەستی تەعریب وتەبعیس ژیانی شارت لەبەر چاوڕەش بوو ، کەرکوک هیچ شوێنێکی وەک خۆی نەمابوو . چەندت لە دڵ گران بوو گەرکەسێ بیوتایە ئەوا عافواتە بگەڕێوە ناو ماڵ و حاڵەکەت ، ئەتووت توخوا جارێکی تر بگەڕێمەوە ژێر دەستی بەعس و ئەو دەم و چاوانە لە کەرکوک ببینمەوە ؟ ئێوە مەرگی ئازادتان هەڵبژارد نەک ژیانی کۆیلەیەتی. کە ڕژێم ناوچەکەی کیمیاباران کرد ، کۆڵتان نەدا ، وانەی خۆڕاگریتان بە مناڵەکانتان ئەدا ، ڕۆژگارتان لە ناو کەپری مەزراکان بەسەر ئەبرد و شەویش ئەگەڕانەوە بۆ کونجەکەی ناو دێ . کە ئەنفالی قەراخ دەستی پێکرد جاش و سوپا بە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە ، هەستتان بە گەورەیی هێرشەکە نەکرد ، بەماشێنە کۆنەکەتەوە ڕووتان کردە قادر کەرەم پێتان وابوو ڕێگە چۆڵە و دەرباز ئەبن نەتانزانی داروبەردی ئەو دەڤەرە کراوە بە دۆزەخ بۆ ئێوەی بێچارە، نەتانزانی جاش وسیخوڕەکانی بەعس هیچ کەلەبەرێک نەماوە سەری بۆگەنی پیا نەکەن و ڕێگە بۆ دوژمن خۆش نەکەن ، نەک هەر ماڵ و سامان، بەڵکو ژن و پیاوو مناڵ و ئاژەڵ و پەلەوەریش بە تالان ئەبەن ... لەسەر جادەکەی قادر کەرەم گیران و بەرەو تۆپزاوا بران .

ئای لەو ڕۆژەی ئامین و ڤیانیان لێت دابڕی .... کاتێ حاجی لە دۆزەخی نوگرە سەلمان گەڕایەوە بۆی باس کردین چ گڕێک لە هەناوت بەربوو ، مردنت بە ئارەزوو ئەخواست ، ئاخر گەلێک ستەمە زۆرداران بەبەر چاوتەوە دڵدارەکەت و ڕۆڵەکەت داگیر بکەن، پاشان باری خەمت بە دابڕانی توانا و دانا گرانتر بوو، ئاخر ئەوان سەبووری دڵە پڕ ئازارەکەت بوون . پاشان خۆیشت بەرەو چارەنووسی نادیار برای .... ئاخۆ ئێستا لە کام گۆڕی بە کۆمەڵ قەرارتان گرتووە .... روحتان شاد ... یادتان بەخێر ...

ئاسمانێکی ساف باوەشی بۆ دارکاژەکانی ئەملاو ئەولای هێڵە ئاسنینەکە کردۆتەوە ، ئەڵێی ئاشقێکی دوورە و باوەشی بۆ پێشوازی مەحبووبەکەی کردۆتەوە ... گەلێک سەختە ئولفەت بە دوورییەوە بگری ، گەرچی سروشتی مرۆڤ وایە لەگەڵ هەموو بارێکی تازەدا خۆی ئەگونجێنێ ... ئاااااااااه لە دەنگی ئەو گۆرانی بێژە قەرەجە چەند بە سۆزەوە ئەیچڕی:

روحی من لەم غوربەتەدا

بەڵێنی لە کەنارییەکی دوور وەرگرتووە گەر......

خانم گە یشتینە دوا ئێستگە ، ئێرە گۆتنبێرگە..

---

شاگوڵ کەمال

پیرەمەگرون

## گەنجێکی ئەنفال

ئاوارەیەکی سەرلێ شێواوم

بێ ناونیشانو

بێ چارەنوس ماوم

ژیانم لەنیوەیا کۆتایی هات

لە تەمەنی گەنجیما

سەفەری مەرگم کرد

خزمو کەسو کارم

چاوەڕێمن

هەمیشە چاوەڕێن

دەرگای ماڵ بکەمەوە

تاکەی چارەنوسم نەزانن

تاکەی چاوبەگریان بن

تاکەی خۆشەویستەکەم

چاوەڕێم بکات

لە پێناو منا خێزان

دروست نەکات

تاکەی دایکم چاوەڕێ

بێت هاتمەوە ماچم

بکات

تاکەی باوکم چاوەڕێم

بێت لە ئاهەنگی

سەرکەوتنی خوێندنما

دیاریەکم پێشکەش

بکات

نازانن لەو ڕۆژەی

لەوان دورکەوتومەتەوە

لەژێرخاکدام

لەژێر خاکێك لەڕۆژی

ئازادی عێراقدا

ملوانکەی

خۆشەویستەکەم

لەدەستمدا بدۆزنەوە

ئەڵێم با یەك جار

خۆشەویستەکەم

بدۆزمەوە

---

# مارگرێت بەشیر "گەر لەسەر هەڵەکان بکوژرێیت، ئەمە زۆر ترسناکە!!

**ئا/ تریفە عەلی**

*** هەستی تۆ چۆنە**



**سەبارەت بە کوشتنی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا؟**

- من تووشی شۆکو سەرسورمان بووم پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە کوشتنی ژنان لەژێر ناوی شەرەف بوونی هەبێت لە کوردستاندا، تەنها وام دەزانی کێشەی باکورو ناوەراستی ئەفەریقایە، هەندێك جاریش لە میسر بیستراوە.

***ئایا لە ئەمریکادا ژنان قەت بە تۆمەتی شەرەف کوژراون؟**

- لەناو کۆمەڵگای ئەمەریکادا شتی وا نیە، فەرهەنگی ئەمریکی جیاوازە ئەوان پێش پرۆسەی زەواج بەیەکەوە ئەژین و پەیوەندی جەستەیی تابۆ نیە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکا جیاوازە لەوێ خزمەکان و کەسەکان چاودێر نین بەسەریەکەوە هەروەها دورشین لە رووی جوگرافیەوە لە یەکتری.

***دوای زانینی کەمێک زنیاریلە سەر رەوشی ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا جەنابتان کوشتنی ژنان بەتۆمەتی شەرەف بۆچی دەگێرنەوە؟**

- توانیم تێبگەم لەوەی کە بیستوومە لە ئێوەوە پەیوەندی بە کۆمەڵیك هۆکارەوە هەیە لەوانە ئاین و داب و نەریت ، کە گۆران تێدایاندا قورسە و لەشەوو رۆژێکدا ئەمانە نا گۆرن.

*** رات چییە سەبارەت بەو کەسانە کە ژن دەکوژن و بە هۆی سوڵحەوە لە سزای یاسایی رزگاریان دەبێت؟**

- دانی پارە بۆ هەرکوشتنێك سزا نیە، پێویستە ئەو کەسە سزای خۆی وەربگرێت.

***گەر کچێکی کۆمەڵگای ئێمە بویتایە، هەستت چۆن دەبوو؟**

- زۆر زۆر ئەترسام، مرۆڤ لەکاتی گەنجیداو تەنانەت ئەو کاتەشی کە پێگەیشتوە هەڵە دەکات، مرۆڤ لەسەر هەڵەکان بکوژرێت ئەمە زۆر ترسناکە، زۆر جارە ژنەکان تاوانبار دەکرێن و دەکوژرێن، بێئەوەی ئەو کارەشیان کردبێت کە پێی تاوانباردەکرێن.

***دوای ئاشنابونت بە بارودۆخەکان چۆن دەتوانی هاوکاری ژنان بکەیت؟**

- ئەتوانم بەباس کردنی چیرۆکەکان لەهەموو شوێنێك نەك تەنها لە کوردستاندا کۆمەڵگا ئاگادار بکەینەوەو حاڵەتەکان بگۆرین.

---

**مارگرێت بەشیر/ پەیامنێر لە رادیۆیی دەنگی ئەمەریکا**

**تێبینی/ ئەم دیدارە تەنها**